## راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی پارتەسیاسیەکانی کوردستانی عێراق و کۆمەڵەکوردستانیەکان و ڕێکخراوە دیموکراتی و مرۆییەکانی دەرەوەی وولآت لە سوید .

بۆخۆئامادەکرن و بەشداری کوردانی دەرەوەی وولآت ، لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا ، ڕۆژی 2004/10/24 کۆبونەوەیەك بە ئامادەبونی نوێنەرانی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق و فیدراسیونی کۆمەڵەکوردستانیەکان و ڕێکخراوە دیموکراتی و مرۆییەکانی دەرەوەی وولآت/سوید ، بەخولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەمان ،گرێدرا .

**تەوەری کۆبونەوەکـــــە:**
کۆبونەوەکە هەوڵدان بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەشداربوونی کوردانی دەرەوەی وولآت لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەکانی عێراق و کوردستاندا ، هەروەها دیتنەوەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیەو بەپێی توانا چارەکردنی گیروگرفتەکان .

ئەوەی ڕاستی بێت کوردانی دەرەوەی وولآت مەبەستیان ئەوەیە کە پاشەڕۆژی میللەتەکەیان لەبەر چاو بگیرێ و ماڵی کورد یەکبخرێت و توکمەوتوندوتۆڵ بکرێت ، لەپێناو پاشە ڕۆژێکی مسۆگەرو پرشنگدارا بۆنەوەکانی داهاتوو ، هەمووئامادەبوانی کۆبونەوەکە کۆکو یەك دەنگ بوون لەسەر پێویستی بەشداربونی هەموان لە دەنگداندا و وەك ئەرکێکی نیشتمان پەروەری لە قەڵەمدراو ، پێمانوایە بەشداری نەکردنی هەرکوردێك لەدەنگداندا ، ئەوەدەنگدانە دژی دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی کە مافەکانی کورد تێیدا مسۆگەرە.

لەپێناو ئەو کامپینەدا کەکاتێکی زۆرکەمی ماوە و تائێستا تەمێکی زۆری لەسەرە بۆئەگەری بەشداری کوردان و عێراقیانی هەندەران ، کۆمیتەیەکی کارگێرو سێ کۆمیتەی تایبەتی هەڵبژێردرا بۆ ئەرکەکانی کـــەبریـتین لـە :

1- کۆمیتەی پەیوەندی
2-کۆمیتەی ڕاگەیاندن و میدیا
3-کۆمیتەی چالاکی

هاوکات بەشدارانی کۆبونەوەکە بانگەوازی هەمووکەسایەتی و دڵسۆزان و ڕێکخراوەکان دەکەن بۆ کارکردن و لەوپرۆسە چارەنوسسازەدا ، بەهیوای مسۆگەرکردنی سەرکەوتن و فراوانکردنی بناخەی جەماوەری و نوێنەرایەتی ڕیزەکانی گەلەکەمان لەهەڵبژاردندا ، ئیدی چ بۆعێراق بە گشتی و چ بۆ کوردستان بە تایبەتـی .

ئامادەبوان:

1. پارتی دیموکراتی کوردستان
2. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
3. حزبی شیوعی کوردستان
4. حزبی سوسیالیست و دیموکراتی کوردستان
5. فیدراسیونی کۆمەڵەکوردستانیەکان لە سوید
6. ئەنجومەنی کوردەفەیلیەکان لەسوید
7. کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە کوردستان
8. سکرتاریەتی مامۆستایان
9. یەکیەتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عێراق
10. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
11. یەکیەتی ئافرەتان
12. سەنتەری گەشەی ژنان
13. کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان لە سوید
14. کۆمەڵەی گەلی کوردستان
15. کۆمەڵەی دەلال
16. کۆمەڵەی گەرمیان /سوسیل دیموکراتی کورد لە سوید
17. کۆمەڵەی کوردی /ئۆپلاندسڤێسپی
18. کۆمەڵەی گولاّن

**ستـــــــۆکهۆڵم**

2004/10/24